

# دەستە جلی ناسک بۆ هاوین

جلوبەرگ و ستایلی فاشیۆن، هەنگاوێکی تازەیە لە بواری ئامادەکاری جلوبەرگ بەمەش وادەکات کە ستایلێکی سادە، هەنگاوێکی گەورەی دەبێ لە جوانی و رازاوەیی لەسەر جەستەدا، لە رێگەی ئەو لایەنەوە دەتوانین جەستەی خانمان بە مۆدەیەکی جلی شایستەوە رازاوەوە بێ، ئەمەش بە گوێرەی ئاراستەکانی جوانی جلەوە، کە هەر یەکە لە شێوازێکی جیاواز و جیاکار دەردەکەوێ،

بە هەڵبژاردنی یەکێك لەو دەستە جلانەوە، کە نشونمایەکی تایبەت و گرنگ بەرچاو دەکەوێنێ، بە گوێرەی ئەو لایەنەوە دەبێ کاتێك شێوازی جلەکە رازاوە و پەیوەندیدار دەبێ. جلی هاوینەش بە جلێکی سادە و ساکارەوە دادەنرێ، ئەمەش لە کاتێکدا مۆدەی جلی هاوینە، شێوازێکی جیاوازتری هەیە لەگەڵ هەر شێوازێکی دیکەی وەرزەکانی دیکەوە، هەر دەستە جلێك لە کۆمەڵە پارچە جلێکەوە پێکدێ، کەچی دەتوانین ئەو دەستە جلە لە چەند بەشێکی زۆرەوە یان سادەوە جێبەجێ بکەین، لەگەڵ ئەو لایەنەدا تاوەکو چەند پارچە جلەکان کەمتر بێ، ئەوەندە مۆدەکە جوانتر و رازاوەتر دەبێ، لەو کاتەشدا بە رێگەی هەڵبژاردنی پارچەکان، کە چاکترە هاوڕەنگ بن، یان رەنگەکانیان لە یەکترەوە نزیك بێ، بەم جۆرە ستایلێکی تەواو و شایستە دەردەکەوێ، هەروەها جۆر و ستایلی جلەکەش وەك رێگەیەکە تا لە نزیکەوە دەستە جلەکە لەگەڵ یەکتر گونجاو و شایستە بێ.



## نەخشی لوولە لە جلی کوردی

چەندین هۆکار هەن جلوبەرگ جوان دەکەن، یان کار دەکەنە سەر رازاوەکردنی ئەو جلەی مەبەستە، تەنانەت لە جلوبەرگدا، بوونی نەخش و رەنگ، دوو رێگەی سەرەکیین، لە رێگەی نەخشەوە، دەتوانین شێوازی جلەکە دیاری بکەین، کە لە نزیکەوە دیار دەبێت، بە مەرجێك شیاوی جۆرێك لە هەماهەنگی نێوان شێوازی جلەکە، لەگەڵ ئارایشتی تەواوی جلەکە بێت، لە جلی کوردیدا خانمان زیاتر گرنگی بە رەنگ دەدەن، کەچی لەولاشەوە جوانیی نەخش شێوازێکی جوانی خۆی هەیە، جلی کوردیش دەکرێ بە نەخشەوە رازاوە بێ، نەخشەکانی سەردەنوێنێت و جیاواز لە جوانیی رەنگەوە،، یەکێك لەو جۆرە نەخشانەی کە جلی کوردی رازاوە دەکەن، نەخشی لوولەیە، کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و نازداری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا جوانتریش دەبێ، کاتێك ئەو جۆرە نەخشە بە رەنگی سپی داپۆشراو بێت، وەك دیمەنێکی شایستە و تایبەت لە گونجاندنی نێوان نەخش و رەنگی سپی بۆ جلی کوردی.

# جلی بووکی ناوقەد تەسک

ڕێگەی هەڵبژاردنی جلی بووك، جۆرێکە لە بیرۆکەیەکی گرنگ بۆ خانمانی بووك، تەنانەت هەر خانمێکی بووك، بە گوێرەی هەست و خواستی خۆیەوە ئەو جلە هەڵدەبژێرێت، جلی بووکیش ئاراستە و جوانیـــی خۆی هەیە، لە کاتێدا هەر جلێکی بووك، شــیاو و ڕازاوە دەبێ کاتێك جلی بووك، بەو دیمەنە ڕازاوە و جوانەوە دەبێ، کە لەگەڵ جەستە و جوانی ئەو خانمەدا بگونجێ، بە پێی ئەو لایەنە، دەکرێ ســوودێکی گەورە لە جوانی جلی بووکەوە وەربگرین، بەمەش لە ڕوانگەی هەر کەسێکەوە، ئەو جۆرە جلە شایستە و کراوەیی خۆی بنوێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا نەشونمای جوانیی جلەکە خۆی هاوتەریب دەبێ لەگەڵ جوانیی ڕووخســار و جەســتەی خانمی بووکەوە. جلی بووك، لەگەڵ هەر مۆدێیەکــی تازەدا چەندین جۆرە نوێکاری ئەنجام دەدرێ و دەبێتە دیمەنێکی تایبەت، جلی شــێوە ماســیی بووك، یەکێکە لە باوترین مۆدەکانی جلوبەرگی بووك، کە لەم ســاڵەدا بە مۆدێیەکی باو دەناســرێت، هەر بۆیەش داواکاری زۆری لەســەرە، بە دەرکەوتنی شــانەکانەوە، دواتریش بە تەسك بوونەوەی لە لای ناوقەدەوە، ئاراســتەیەکی جوان دەنوێنێت، پاشــان لە خوارەوە بە زنجیر دەکرێتەوە و وەك پەڕی تاوس دەردەکەوێ، ئەمەش وادەکات ببێتە جوانترین جلی بووك.



# چۆن ڕەنگەکانی ماکیاژی چاو تێکەڵ دەکرێت؟

کاری ماکیــاژی چاو، پێویســتی بە وردەکارییەکــی گرنــگ هەیــە، کە بە گوێــرەی ئــەو لایەنە دەبێتــە یەکێك لە جوانترین و شایستەترین مۆدەکانی تایبەت بــە ماکیاژی چاو، هــەر هەنگاوێك بۆ ماکیاژی چاو، دەبێ لە ڕێگەی جیاکاریی نێوان ڕەنگ و شــێوازی ماسکارا و تاتۆ کردنی بــرۆ، یان دانانــی ڕەنگێکی بە بریقــە و دیاری کراو بۆ برۆ بێت، ئەمەش وادەکات کــە مۆدەیەکــی زێــدە جوان و کاریگەر بێ، لەگەڵ ئەو لایەنەشدا ڕێگە و ئاراستەیەکی دیاری کراوی هەیە، بۆیە دەتوانین لــە هەڵبژاردنی ماکیاژی چاو، سادەترین جۆرە ماکیاژ بێ، بەڵام پێویستی بــە گرنگی دانی ئاســایی بێ، چونکە



ناکرێ خانمان بە ڕێژەیەکی زۆر گرنگی بە ماکیاژی چاو یان شــێوازی خســتە بەری تێکەڵی نێوان برۆ و برژانگ و پشت چاو، چونکە هەر یەکە شــێوە و مۆدەی خۆی دیــاری دەکات و دەتوانێت هەمان ئەو شێوەیە بڕەخســێنێت و لەگەڵ شێواز و ڕەنگی چاوەکەدا گونجاو و شــیاو بێ، بۆیە نابێ خانمان لە هەڵبژاردنی ڕەنگی برۆ یان ڕەنگی پشت چاو یان ئەو شێوازەی ماسکارا کردن، دوو دڵ بن، چونکە ئەوەش کاریگەریی دەخاتە سەر جوانی وشێواندنی چاو، لە ڕێگەی ئەو لایەنەشەوە کراوەیی و جوانیــی مۆدەی چاوەکــە، لە نزیك و دوورەوە دیــار دەبێت، یەکێك لەو زانیارییە بەسوودانەی کە پێشکەشی خانمان دەکرێ، دەبێ ڕەنگی برۆ و ماسکارا هاوشێوە بن و لەگەڵ پێچەوانە بۆ ڕەنگی پشت چاوەوە، کە دەکرێ ڕەنگێکی ســادە لە ژوورەوە و دەرەوەی چاو بدرێت.




# کاریتـــــه و شەقـــــره

کوردەواری کۆن، بە جوانترین شێوازەوە کاری ئەندازیارییـــان بەکارهێنـــاوە، تەنانەت بیرۆکە کۆنەکان سەرەتایەك بوون بۆ ئەزموونی ئێستا، وەك ئەوەی بیرۆکەیەکی بەســـوود و بە ئامانج بێ، یەکێك لەوانە کاریتە و شـــەقرەیە، کاریتە بەکاردێ بە مەبەســـتی وەســـتان و راگرتنی ســـەرەوەی خانوو لە ژوورەوە، واتە لە سەربانی ژوور یان هەر شـــوێنێك کە سەرەوەی شوێنێك بگیـــرێ، کاریتە لە دار دروســـت دەکرێ، ئەو جـــۆرە دارە داری بەهێز و پتەوە، زیاتر لە داری ئەسپیندار دروست دەکرێ، چونکە دارێکی بەرز و باریکـــە، ئەو جـــۆرە دارە زیاتر لە ناوچەی شەقڵاوە هەیە، شەقرەش بریتییە لە داری بچووك، کە ناکرێ ســـەرەوەی ژوور بەکاربهێنین، چونکە لاوازتـــرە و بچووکترە، هەر یەکـــە لەو دووانە لە ژیانی کوردەواری بەکارهێنراوە، کاریتە بە ئاسۆیی دادەنرێ، دوای دروست کردنی دیواری ژوورەکە، دواتـــر کاریتەکان رایەڵ دەکرێ دەبەســـترێ، کە هەردوو کۆتایی کاریتـــەکان بە قوڕ لە دیوارەکە دەبەسترێ لە زۆربەی کاری قوڕگرتنەوە، (کا) بەکاردەهێنـــرێ بۆ زیاتر بەهێـــز و توند کردنی قوڕەکەیە، هەروەها عەسیر دادەنرێ و دواتر قوڕە پەســـت دەکرێ، ئەوەش مانـــای ئەوەیە کە قوڕ لە سەرتاپای ســـەرەوەکە دادەنرێ، لە سەردەمی ئێستادا ماددەی نایلۆن بەکاردەهێنن و ئەمەش وەك کەرەســـتەیەکی رێگەگر لە ئاو و باران یان هەر شـــلەیەکی دیکەوە، ســـەبارەت بە شەقرە، کە ئەویش دارێکی باریکتـــرە لە کاریتەوە، لە کاری دروســـت کردنی عارەبانـــە و هەڵدانی رەشـــماڵ هەروەها بۆ دروست کردنی (لەودەی کا)، کە بـــۆ هەڵگرتنـــی کا بەکاردەهێنرێ. هەروەها کاریتە و شەقرە وەك ستوونێك دادەنرێ بۆ وەســـتانی سەرەوەی شـــوێنێك یان هەیوانی یـــان کە بـــە (بنقەمتەرە) ناســـراوە و بەمەش سەرەوەی شوێنەکە توند و ناکەوێ بەهۆی ئەو کاریتانەوە.

# قژە سەرنجـــــڕاکێشەکان

هەموومان هەندێك شێوازی سەرنجراکێشی قژمان بینیوە کە مرۆڤ سەرسام دەکەن، هونەری قژتاشین هونەرێکی کۆن و ئاڵـــۆزە بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو گۆڕانەی دنیادا ئەویش گۆڕانی بەســـەر داهاتووە، لەو وێنانەدا چەند وێنەیەکی ســـەرنجراکێش و جوان دەبینین کە لە هەر شوێنێك ئەو شێوازە ببینین ناتوانین تەماشـــایان نەکەین، یەکێکیان لۆگۆی کۆمپانیای ئەپڵ لە پشـــتی سەری نەخشـــاندووە، کە زۆر جوان دەرچووە، یەکێکیشـــیان وا پێدەچێت خولیای دونیای ئۆتۆمبێـــل بێت و حەزی بە جۆری بی ئێم بێ بۆیە نیشانەی بی ئێمی لەسەر سەری خۆی هێشتۆتەوە، ئەوەکەی دیکەشیان لەگەڵ ئەوەی بە تەمەنیش دیارە بەڵام ئەوە رێگر نییە لەبـــەردەم ئارەزووەکانی وقژی خۆی هێشـــتۆتەوەو درێژی کـــردوە تاوەکو بتوانێت وێنەی مشکێکی لێدەربچێت.







# پاچە خواردنیکی بەلەزەتی کۆن و ئێستا!

یەکێکە لەو خواردنە بەهێز و بەجۆشانەی، کە ڕێژەیەکی کەم لە خەڵك حەزی پێدەکات، لە کوردەواری خۆمان زیاتر سەر و پێ باوی هەبووە و دەیاخوارد، بەڵام خەڵکی ئەو سەردەمە ئەوەندە گرنگی پێنادات، تەنیا کەسانێك هەن ئەو خواردنە دەخۆن، دوای ئەوەی ئاژەڵ سەر دەبڕدرێت، دواتر پاك دەکرێتەوە و گۆشت و بەشەکانی دیکەی جیا دەکرێتەوە لەلایەن قەسابەوە، دواتر سەر و پای ئاژەڵەکە جیا دەکرێتەوە و بۆ ئەو کەسانە دادەنرێ کە دەیخۆن، هەندێك لە خەڵك سەر و پێ ناخوات بەهۆی بۆنی خواردنەکە، کە سەری ئاژەڵ لەو کاتەی دەکولێ یان بەر لە کولاندنی بۆنێکی هەیە و ئینجا هەیە بەو بۆنەوە حەزی پێناکات، یان هەیە بەهۆی شێوەی خواردنەکەوە حەزی بۆ ناچێ و نایخوات. چۆنیەتی دروست کردنی سەر و پێ بەم شێوەیە : کە لە دوو بەشەوە پێکهاتووە، یەکێکیان پێیدەڵێن سەروپێ، ئەمەیان بەو شێوەیە : دوای پاککردنی سەر و قاچی ئاژەڵ دواتر لەسەر ئاگر سوور دەکرێتەوە تەنیا بە ئاگر و واتە داغ دەکرێت، پاشان سەری ئاژەڵەکە پارچە دەکرێ و دەخرێتە ناو مەنجەڵ و دەکوڵێنرێ بە ئاوی خۆیەوە، یان دەکرێ سەر و قاچەکە پارچە پارچە بکرێ، سەبارەت بە جۆری دووەم کە پێیدەگوترێ (گیپە) دوای ئەوەی پێستی ورگ و ریخۆڵە بە جوانی پاك دەکرێتەوە و دەشۆردرێتەوە و دەخرێتە ناو ئاوی گەرم و خوێ تاوەکو جوان پاك بێتەوە، بەم شێوەیەش تەعقیم دەبێ، دوای وشك بوونەوەی پێستەکە هەندێك دەرمانی لێدەدرێ وەك : بەهارات و بیبەری تیژ و زەردەچەوە ئەمەش وادەکات ڕەنگەکەی بەرەو زەردەوە بچێ و تامێکی خۆشی هەبێ، یان گوێز و فستقی دەخرێتە ناوی، دواتر برنج ئامادە دەکرێ و هەندێك دەکوڵێنرێ، لە برنجەکەش چەندین دەرمانی دەخرێتە سەری وەك : زیرە، ئاڵەتی ڕەش، بیبەر، خوێ، پێستەکە دەهێنرێ و بە داو و دەرزی دەدرۆیتەوە، پاشان دەخرێتە سەر ئاگر و تا دەکوڵێت کە نزیکەی کەمتر لە کاتژمێرێکی دەوێ، زیاتر سەر و پێ لە زستان دەخورێ، لە هەندێك شوێن هەیە کە بەیانیان زوو سەر و پێ هەیە بۆ خواردن.



## تەڕەساز!



**ڕەوەند بەختیار**

سادەیی لە کۆندا هەموو کوچەو کەلەبەرەکانی ژیانی گرتبۆوە نەك تەنها ڕێگا و خانووەکان سادەبوونە بەڵکو خواردنەکانیش سادەبووینە، لە بری زەڵاتەو تورشی هەڵساون بە دروست کردنی تەرەساز و لەگەڵ خوردن دەخورا، تەرەساز وەکو زەڵاتەو تورشی ئێستا ڕێگای جیاواز هەبووە بۆ ئامادەکردنی وهەر ناوچەو کۆمەڵەیەك بە شێوەیەك لە شێوەکان ئامادەیان کردوە، تەرەساز پێك دێت لە ماست و شێلمی وردکراو و سرقی سپی و گەنمە کوتا و هەندێ ئاو بەڵام بە شێوازی جیاواز، یەکێك لە ڕێگەکان هەموو ئەو پێکهاتانەی تێدایە و لە شوێنێکی گەرم دادەنرێ، بۆ نموونە: لە ژێر بەتانی بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵدەگیرا و دواتر بەکاردەهات، دەشکرێ بە سادەیی تەنها شێلم و ماست وسرق بەکاردبهێنرێت، بەڵام هەر دەبێت لە شوێنێکی گەرم دابنرێت و تاوەکو ماستەکە لەگەڵ پێکهاتەکانی تر و تێکەڵبێت و کارلێکبکەن دوای تەواو ئامادەبوون تەرەساز بە پێی مادده بەکارهاتووەکان تامی دەگۆڕێت و هەرچەند ماستی زۆر تێدابێت ئەوەندە تامی ترشێتی زیاتر دەبێت لەگەڵ هەموو خوردنەکان و بەتایبەت خورادنی نیوەڕۆ بەکاردێت و دەخورێت، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە تەڕەساز شوێنگرەوەی کۆنی وەك زەڵاتە و تورشی ئێستا بەکاردەهێنرا.

## نمایشێک بە نایلۆنی زبڵ




کارە سەیرو سەمەرەکانی مرۆڤ بەردەوامەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاری سەیرتر و سەرنجراکێشتر دادەهێنێت، ئەمەی دەیبینین خۆنمایشکردنی ئەو خانمەیە بە نایلۆنی زبڵ لەگەڵ ئەو ئۆتۆمبێلەی تایبەتە بە کۆکۆدنەوەی پاشەڕۆ، لەکاتێکدا ئەو نایلۆنانەی ئەو خانمە بەکاری هێناون تەنانەت هەندێکیان بەتاڵیش نین، بگرە پاشەڕۆشی تێدایە وەك نەخشێك ویستویەتی بەدیار بکەوێت، ئەوە جیا لەو بۆچوونەی کە دەبێ ئەوەی دەتەوێ بۆ خەڵکی لەبەر بکەی ئەو خاتوونە پیشانی دەدات کە ئەوەی خۆی دەیەوێ بەوە خۆی دادەپۆشێت و خۆی نیشانی دەورو بەر دەدات.




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەمە بزانە کە ئەمڕۆ بایەخت وەك دوێنێ نییەو زۆر زەحمەتە لەگەڵی بگونجێیت، بەڵام ڕەنگە بەناچاری هەندێك شتی گرنگ فەرامۆش بکەیت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

گوێ لەهەندێك ئامۆژگاری مەگرە کەهەندێك کەس دەیانەوێت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەخشتەت بەرن، متمانەت بەخۆت بەهێزتر بێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بەهەندێك کاروباری داراییەوە خەریك دەبیت لەگەڵ کەسە نزیکەکانت لەم بارەیەوە دەکۆڵنەوە، بیریشت هەر لای گەشتێکی خۆش دەبێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

سەرنجڕاکێش و قەشەنگیت ڕۆڵێکی باش دەگێڕێت بۆئەوەی کەسانێك لێت نزیك ببنەوە یاخود لەسەرکەوتن و بەدیهێنانی هیواکانت نزیك ببیتەوە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ڕووداوەکانی ئەمڕۆ بەزەحمەت بەسەرتدا تێپەڕ دەبن، یاخود کاروبارەکانت بەسەریەکدا کەڵەکە دەبن و تووشی بێزاری و نائومێدیت دەکەن.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

یەکێك لەکەسە نزیکەکانت پێشنیارێکی چاکت بۆ دەکات سوودێکی باشی لێوەردەگریت، ئەمڕۆ ئیش و کارەکانت زۆر دەبن و هاوڕێکانیشت هاوکاریت دەکەن.

## زیرەکیت بەکاربێنە

لەماوەی خولەکێك بزانە چەند ڕووخسار لەم وێنەیە هەیە



## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی یانەیەکی کوردستانت بۆ دەربچێ.

ر ێ ە پ ش گ م ە

وەڵامی ژمارەی پێشوو : ئایشەشان

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دەستاڕ) بوو


بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

☐☐☐☐ ☐☐☐

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە لە دارستان هەیە و دەستووتیێ)
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (لە خووری دروست دەکرێ و بەکاردێ بۆ دروست کردنی مافور و رایەخ)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥+٦+٧) کۆبکەیتەوە بە مانای (کوڕێك تەمەنی گەورە و بێ ژن بێت)
- پیتی خانەکانی (١+٤)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارەی پێنج جارانی دووی بکەی چەند دەردەچێ)



## جیاوازی وێنە !

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەرەوە





## مانای خەون



**تەزبیح :** بینینی تەزبیح لە خەوندا مانای ئافرەتێکی چاك و باشە یانیش مانای ژیانێکی خۆش و سەربەرزانەیە.

## دیوانە شیعر



**تاوکو کەی داوی زوڵفەینت گرفتاری ئەکا**
**توتی دوکانی حوسنت بولبولی طەبعی منی**
**خستە نێو بەندی طەماع و فێری بازاڕی ئەکا**

**مەلا صالحی زێوەیی «حەریق»**

**عشقی سەروی قەدت قومری سیفەت زاری ئەکا**
**ڕوگوڵی تۆ بولبولی دڵ فێری غەم خواری ئەکا**
**خۆت وەکو صوڵطان و چاوت حاکم و برۆت شمشێر**
**تیری موژگانت وەزیرە مەشقی خون خواری ئەکا**
**کەوتە نێوە ظوڵماتی زوڵفت دڵی ئەسکەندەرم**
**خدری زیندە ماچی لێوت کێی دی ڕزگاری ئەکا**
**من بە میزانت طەبیعەت گەوهەر دەفرۆشم، دڵم!**
**وا لە شامی زوڵفی تۆدا کەشفی عەطاری ئەکا**
**مەی خەرە ژێر پێتۆ گەر حەز ئەکەی ژێر بێتەوە**
**دڵ کە منداڵە شەکەر خەندەی لەبت چاری ئەکا**
**مورغی دڵ برژا لەبەر قرچەی هەتاوی فیرقەتت**

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پەنا دەبەیتە بەر توانست و هێزی خۆت و بەئەنجامی باشیش دەگەیت، بەڵام نەکەی بەگوێی هەندێك کەس بکەیت بەلاڕێتدا ببەن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ڕۆژێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بیر لەبەرنامەیەك بکەیتەوە بۆ باشتر کردنی باری دارایت، یاخود گەشتێك دەکەیت کامەران دەبیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەمڕۆ کەسێك کە دەمێکە ململانێت لەگەڵ دەکات تووشی سەر ئێشەت دەکات و پەرێشان دەبیت، بۆیە پەنا وەبەر دولبەرەکەت دەبەیت و داوای هاوکاری لێ دەکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەمڕۆ لەزۆربەی بوارەکاندا سەرکەوتن بەدەست دێنیت و دڵخۆش دەبیت، هەروەها لەوانەیە دەستکەوتی ماددی چاکت بێتە دەست.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەوڵ دەدەیت لەگەڵ دولبەرەکەت بگەیتە لێکگەیشتن و ناکۆکییەکان بەلاوە بنێن، بێگومان ئەگەر لە کۆششکردنت وبەردەوام بیت، سەردەکەویت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئارەزوو و نهێنیەکانت بەرەو پەیوەندییەکی سۆزداریت دەبەن، یان بەهۆی سەرنجڕاکێشی و سەرو سیمای وروژێنەرت، لەبواری ئەڤینداریدا دڵخۆش دەبیت.

## نوکتە

-کابرایەك زۆر ڕەزیل دە،بێت شەوێکیان بە منداڵەکانی دەڵێت ئەوەی نان نەخوات هەزار دیناری دەدەمێ لە خۆشیانا منداڵێکی نان ناخوات و باوکەکەش هەزاردیناری دەداتێ وەدەخەون. کابراش دوایی دەچێت پارەکە لە منداڵەکە دەدزێت و بۆ بەیانی بە منداڵەکانی دەڵێت ئەوەی هەزاردینارەکەی وون کردووە ناهێڵم نان بخوا !!!

- کابرایەك ئەوەندە مودمینی فەیسبووك ببوو بۆ بەیانی کەچووبووە ناو پاسەکەوە ٥٠٠ دیناری دەرهێنابوو گوتبووی گەر زەحمەت نییە بۆم شێربکە